**سـەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران**
**ژمارە : ١٣٩١ لە ٢٠١٧/٣/٢٦**

پشت بەست بە ئەحکامی بڕگەی ( ٣) لە مادەی (هەشتەم) لە یاسای ئەنجومەنی وەزیران ژمارە(٣)ی ساڵی (١٩٩٢)ی هەموارکراو و بڕگەی (٣) لە ماددەی(٦٠)ی یاسای باجی دەرامەت ژمارە(١١٣)ی ساڵی (١٩٨٢)ی هەموار کراو، وە بڕگەی (٣) لە مادەی (٦٠) لە یاسای باجی دەرامەت ژمارە (١١٣)ی ساڵی ١٩٨٢ هەموارکراو، وە لە سەر پێشنیاری وەزارەتی دارایی و ئابووری ، ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی خۆی ژمارە (٢٤) لە ٢٠١٧/٣/١٦ ئەم پەیڕەوەی خوارەوەی دەرکرد:

**پەیڕەوی ژمارە (١)ی ساڵی ٢٠١٧**

**پەیڕەوی دیاری کردنی کار و پسپۆرییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران**

**یەکەم:** بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران تایبەتمەند دەبێ بە هاوکاریکردنی گەورە باجدەرانی هەرێمی کوردستان بۆ تێگەیشتن و بەجێگەیاندنی پابەندبوونیان بە باج ، بایەخدان بە کاروبارەکانیان تایبەت بە باج بەرێگەی زۆر کاریگەر و چالاك ، هەروەها سەپاندنی یاساکانی باج لە میانەی جێبەجێ کردنی دادگەرانە و یەککگرتووانەی رێساکان.

بۆ هاتنەدی ئەم کارەش بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران هەڵدەستێت بە:

- چاودێری و بە دواداچوونی راپۆرت و داهاتەکانی باج ( التصاريح الضريبية و عائدات الضريبية) بۆ گەورە باجدەران ، لە نێویشیاندا باجی سەر موچە و کرێی کارمەندان لە رێگەی لێبرینی راستەوخۆوە ، هەروەها لەگەڵ سەرجەم جۆرەکانی دیکەی باج.
- دۆزینەوە و دیارخستنی ئەوانەی تۆمار نەکراون و بەدواداچوونی ئەوانەی راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە ، بۆ دڵنیابوون لە وەرگرتنی هەموو راپۆرتەکان و پابەندبوونی هەمووان بە باجدان.
- پشتبەستن بە میتۆد (نهج)ی دەرسکردن لەسەر بنچینەی مەترسییەکان (المخاطر) سەبارەت گەورە باجدەران.
- ئامادەکردن و پێشکەشکردنی راپۆرتی دەوری بۆ بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی کاری بەڕێوەبەرایەتیەکە بۆ بەڕێوەبەری گشتی باجەکان.

**دووەم:** دیارخستنی ئەرك و پسپۆرییەتییەکانی بەش و هۆبەکانی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجدەران بەم شێوەیەی خوارەوە دەبێ:

١- بەشی خزمەتگوزاری باجدەران:

بەرپرسە لە پرۆسەی خزمەتگوزاری گەورە باجدەران لە بەرێوەبەرایەتیەکە لە هاریکاریکردن و سەرپەرشتی کردنی نوێنەرایەتیەکان لە ئۆفیسەکانی گەورە باجدەران لە پارێزگاکانی تر، ئەم بەشە لەم دوو هۆبەی خوارەوە پێکدێت:

أ- هۆبەی هاوکاری و تۆمارکردنی باجدەران: کە ئەم ئەرك و کارە سەرەکییانەی خوارەوەی هەیە:

- راپەراندنی ئەو بەرنامە و سیاسەت و رێ و شوێنی دیاری کراوانەی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میرییەوە دانراوە ، بۆ هاوکاریکردنی گەورە باجدەران و ئیدارەدانی هەموو باجەکان و تۆمارکردنیان.
- ئەنجامدانی هەڵمەتی هۆشیار کردنەوەی گەورە باجدەران بۆ مەبەستی شارەزابوون بە ماف و ئەرکەکانیان.
- پێشوازی کردن لە گەورە باجدەران و بەجێهێنانی داواکارییەکانیان وەکو: بڕوانامەی ئەستۆپاکی، وەستان لە کار....
- وەڵامگۆی پرسیارەکانی باجدەران و رونکردنەوەی پرسیارە سادەکانی سەبارەت بە باج.
- بەرنامەرێژی بۆ پرسیارەکانی گەورە باجدەران سەبارەت بە کار و پرۆژەی داهاتوویان.
- حەواڵەکردنی مامەڵەی گەورە باجدەران بۆ بەش و هۆبە پەیوەندیدارەکان.
- رێکخستنی دیداری گەورە باجدەران لە وادەی خۆی ئەوانەی وادەی سەردانی کردنیان داناوە یان بە تەلەفۆن پەیوەندییان کردووە.
- تازە کردنەوەی زانیاری باجدەران، بۆ نمونە: ناونیشان.....
- دابەشکردنی چاپەمەنی و بڵاوکراوەکان بۆ باجدەران.
- پێشنیازکردن بۆ راستکردنەوەی پێویست و هەموار کردنی سامپڵ و نموونەکان لە ژێر رۆشنایی ئەزموون لەگەڵ باجدەران.
- هاوکاریکردن لە پێشخستنی پێگەی ئەلیکترۆنی سەبارەت بە گەورە باجدەران.
- پێراگەیاندنی باجدەران بە مەرجەکانی تۆمار کردن و داوا و رێ و شوێنەکان.
- پێشکەشکردنی رێنموویی بۆ تۆمارکردنی باجدەران.
- تۆمارکردنی باجدەران بەگوێرەی ژمارەی باج بەپێی رێکارەکان.
- دانەوەی بڕوانامەی تۆمارکردن.
- دابەشکردنی رێبەر و چاپەمەنییەکان بە باجدەرانی نوێ.
- هەڵوەشاندنەوەی تۆمارکردنی باجدەران بە گوێرەی رێ و شوێنەکان.
- پاراستنی زانیاری تۆمارکردن و زانیارییە پەیوەندیدارەکان.
- کردنەوەی حسابی باجی بۆ تازە تۆمارکراوان و پاراستنی زانیارییەکان.
- پێشکەشکردنی ئامار و راپۆرتی دەوری بۆ بەشی خزمەتگوزاری باجدەران لەسەر چالاکی خزمەتگوزاری و هاوکاری و تۆمارکردنی باجدەران.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردن بۆ خزمەتگوزاری باجدەران و تۆمار کردنیان۰

ب- هۆبەی چارەسەری راپۆرتەکان (معالجة التصاريح): کە ئەم ئەرك و پسپۆریە سەرەکیەکانی خوارەوەی هەیە:

- راپەراندنی بەرنامە و سیاسەت و رێ و شوێنی دیاری کراو کە لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میرییەوە دانراوە بۆ چارەسەر و حسابکردن و لێکوڵینەوە لە راپۆرتی گەورە باجەدران.
- وەرگرتن و چارەسەرکردنی راپۆرتەکانی باجەدران لە هەموو پارێزگاکان.
- دڵنیابوون لە چاکی و راستی زانیارییەکان.
- راستکردنەوەی راپۆرت و ئاگادارکردنەوەی باجەدران بە ئەنجامی راستکردنەوەکان.
- دیاریکردنی ئەوانەی راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە.
- حەواڵەکردنی ئەوانەی راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە بۆ بەشی پابەندبوون(الالتزام).
- دیاری کردنی ئەوانەی باجیان نەداوە.
- حەواڵەکردنی ئەوانەی لەباج دواکەوتون بۆ بەشی جبیایە.
- پێشکەش کردنی ئامار و راپۆرتی دەوری بۆ بەشی خزمەتگوزاری باجەدران لەسەر چالاکی چارەسەری راپۆرتەکان.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی خزمەتگوزاری بۆ چارەسەری راپۆرتەکان٠

٢- بەشی جیبایە:

بەشی جیبایە بەرپرسە لە پرۆسە جیبایەی ئاسایی و زۆرەملێ بۆ گەورە باجەدران، کە ئەم دوو هۆبەیەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- هۆبەی جیبایە: کە ئەم کار و پسپۆریە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- جێبەجێکردنی ئەم سیاسەت و بەرنامە و ڕێ شوێنانەی لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دیاری کراوە سەبارەت بەو گەورە باجەدرانەی لە پارەدان دواکەوتوون.
- جێبەجێکردنی سزای سەپێندراو بەسەر دواکەوتووان لە باج.
- پێڕاگەیاندنی باجەدران بەو بڕە پارەیەی دەکەوێتە ئەستۆیان بە دواکەوتن لە جیبایە هەموو جۆرە میکانیزمێك وەك: (تەلەفۆن، نامە، نامەی ئەلیکترۆنی....)
- بەدواداچوونی ئەو باجەدرانەی لە وادەی خۆیان دوا کەوتوون.
- ئاگادارکردنەوەی (انذار) ئەو باجەدرانەی لە وادەی خۆیان دواکەوتوون.
- جیبایەکردنی بڕی پارەی شایستە.
- کار کردن لەگەڵ ئەو باجەدرانەی لە وادەی خۆیدا دواکەوتوون بۆ دانانی بەرنامەی پێویست لەسەر پارەدان بەشێوەی بڕ بڕ (تقسیط).
- چاودێری کردنی ئەو بڕە پارەی دەدرێ بە شێوەی بڕ بڕ(تقسیط).
- چارەسەر کردنی خواستی باجەدران بۆ داشکاندنی سزا بە پێی بڕیار و مەرسومەکان.

- پێشکەش کردنی ئامار و ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی جیبایە  سەبارەت بە چالاکی جیبایە.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی خزمەتگوزاری بۆ بەرنامەی جیبایە.

ب- هۆبەی جیبایەی زۆرەملێ:  کە ئەم ئەرك و پسپۆرییەتیانەی خوارەوەی هەیە:

- راپەراندنی سیاسەت و بەرنامە و رێکاری دیاریکراو لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری سەبارەت بە جیبایەی زۆرەملێ بۆ ئەو گەورە باجدەرانەی دوا کەوتوون لەپارەدان.
- ئامادەکردنی رێ و شوێنی یاسایی بۆ وەدەست هێنانی پارەی نەدراو.
- دانانی نیشانەی گلدانەوە لەسەر سەرچاوەی داهاتی شاراوە لە باج.
- دانانی نیشانەی گلدانەوە لە بەرێوەبەرایەتیەکانی تۆمارکردنی خانووبەرە.
- دەستنیشانکردنی  بەرپرسیارەتی کەسی خاوەن/بەرێوەبەری کۆمپانیاکان.
- جێبەجێ کردنی یاسای وەدەستهێنانی قەرزی حکومی ژمارە(٥٦)ی ساڵی(١٩٧٧).
- ئاگادارکردنەوەی ئەو باجدەرانەی دوا کەتوون بە گرتنەبەری رێ وشوێنە زۆرەملێکان.
- بەدواداچوون بۆ رێ و شوێنە قەزائیەکان سەبارەت بە گرتنەبەرە زۆرەملێکان.
- راپەراندنی رێ و شوێنی زۆرەملێ بە هەموو رێگەیەك وەك (تەقلیدی، ئینتەرنێت...).
- هەنگاونان بەرەو فرۆشتنی زۆرەملێی (الموجودات).
- پێشنیازکردنی رێگری لە سەفەر کردنی ئەوانەی لە باجدان دوا کەوتوون.
- پاراستنی پەیوەندی باش لەگەڵ دادگاکان.
- پێشکەشکردنی ئامار و ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی جیبایە  سەبارەت بە چالاکی جیبایەی زۆرەملێ .
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی خزمەتگوزاری بۆ بەرنامەی جیبایەی زۆرەملێ.

٣- بەشی پابەندبوون (الالتزام):

ئەم بەشە بەرپرسە لە پرۆسەکانی پابەندی گەورە باجدەران کە ئەم دوو هۆبەیەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ – هۆبەی لێکوڵینەوە و شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحليل المخاطر):  کە ئەم ئەرك و پسپۆرییە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- پێشخستنی شێوازەکانی لێکوڵینەوە و شرۆڤەکردن.
- بەکارهێنانی شێوازەکانی لێکوڵینەوە و شرۆڤەکردن بۆ دڵنیابوون لە  پابەندبوونی باجدەران.
- هەماهەنگی لەگەڵ بەرێوەبەرایەتییەکانی دیکەی باج بۆ لێکوڵینەوە و شرۆڤەکردنی پابەندبوون بە باج (الالتزام الضريبي).
- دیاریکردن و بەکارهێنانی رێسای زانیارییە ناوەکی و دەرەکییەکان یان ئاماژە گشتییەکان بۆ دیار خستنی ئەو باجدەرانەی پابەند نەبووینە.
- هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی سێیەم لە کەرتی گشتی و کەرتی تایبەتدا.

- دیاری کردنی ئەو باجدەرانەی تۆمار نەکراون بە پشت بەستن بە سەرچاوەی زانیارییە دەرەکی و ناوخۆییەکان.
- جێبەجێکردنی رێ و شوێنی دیاریکراو و بەدواداچوونی تۆمارنەکراوەکان و ئەوانەی راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە.
- بەدواداچوونی ئەوانی راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە و حەواڵەکردنیان بۆ هۆبەی دەرس ئەگەر پێویستی کرد.
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردە و پشکداری لە ئیدارەدان و پێشخستنی پلانی ساڵانەی دەرس.
- کۆکردنەوەی ئامار لەسەر ئەوانەی تۆمار نەکراون و راپۆرتیان پێشکەش نەکردووە.
- پلاندان و راپەراندنی ستراتیژیەتەکان.
- پێشخستنی میکانیزمەکانی ئیدارەی مەترسییەکان (ادارة المخاطر) و دیاری کردنی رێ و شوێنی گەیشتن بەزانیاری پێویست بۆ پاڵپشتیکردنی شێوازەکانی ئیدارەی مەترسییەکان (ادارة المخاطر).
- بەکار هێنانی سەرچاوەی زانیاری هەمەچەشن، وەك ( سیستمی باجەکان و گومرگەکان و دامەزراوە ئابووری و کارگێرییە ناوەندییەکانی ئامار، وەزارەتی بازرگانی و هتد...).
- ناسین و تێگەیشتنی سروشت و هەڵسوکەوتی باجدەران بەرامبەر یاسا.
- شیکردنەوەی ئابووری بۆ دیاریکردنی ئاراستە و هەڵسوکەوتەکان.
- شیکردنەوە و لێکوڵینەوەی مەترسی چالاکییەکان (مخاطر الانشطة) کەرتە جیاوازەکانی ئابووری و ئاماژە و پێدراوە ئابووریەکان (المعطیات الاقتصادیة).
- پێشخستنی پێوەرەکانی دەستنیشانکردن لەسەر بنچینەی زانستی و شیکاری.
- شیکردنەوەی توێژەکانی باجەران و هەستان بە شیکردنەوەی ڕەچەڵەك و زانیاری دارایی.
- دیاریکردنی مەترسییەکان (المخاطر) و پێشنیازی پێوەرەکانی دەستنیشانکردن کە لە سەر ئاگانامەی دۆسیەکانی دەرس و سیاسەتی پۆلینکردنی پرۆسە جیاوازیەکانی دەرس بیناکراوە (دەرسی نووسینگەیی، دەرسی ئاراستەکراو، دەرسی مەیدانی)...
- پێشخستنی هۆبەی بەرنامە و بەدواداچوونی دەرس بە زانیاری وەدەستهاتوو لە هەندێك حاڵەتی تایبەت بە باجەران (سکاڵا، زانیاری دەرەکی یان ناوەکی، حەواڵەکردن لە بەش و هۆبە جیاوازەکان...).
- هەڵسەنگاندن و دیاری کردنی کاری لە پێشینەی مەترسیەکان (المخاطر) بەپێی پۆلینبەندی مەترسیەکان (المخاطر).
- بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی چاککردنی پرۆسەی شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحلیل المخاطر).
- راستکردنەوەی پێوەرەکانی دەسنیشانکردن لەسەر بنچینەی ئەو زانیارییانەی لە ئەنجامی دەرس وەدەستهاتوون.
- پێشکەش کردنی ئامار و ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی پابەندبوون سەبارەت بە چالاکییەکانی لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحلیل المخاطر).

- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی پرۆگرامی لیکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحلیل المخاطر).

ب- هۆبەی بەرنامەسازی و بە دواداچوونی دەرس: کە ئەم ئەرك و پسپۆریەتییە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- دانانی پلانی ساڵانە بۆ دەرس لەسەر بنچینەی توانا و زانیاری بەردەست (الموارد المتاحة) و فاکتەرەکانی دی وەکوو: چالاکی، شوێن، رووماڵکردن ...هتد، لەگەڵ بە هەندگرتنی هەموو جۆرە جیاوازەکانی دەرس (تەواو/الشامل، ئاراستە کراو/الموجه، نووسینگەیی/المکتبی).
- دانانی بەرنامەی دەرسی گشتی و تایبەتی و تایبەتمەند بینا لەسەر پۆلێنبەندی مەترسیەکان (مصفوفة المخاطر) بەگوێرەی ئەو سیاسەت و ڕێ و شوێنانەی کە لەلایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دیاری دەکرێت.
- دیاریکردنی ئەو دۆسیانەی دەبێ دەرس بکرێن بە پێی پێوەرەکانی دەستنیشانکردن و مەترسیە ریزبەند کراوەکان (مصفوفة المخاطر) کە هۆبەی شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحلیل المخاطر) دایدەنێ.
- بەرنامەناسازی بۆ سەردانی مەیدانی.
- چاودێری جێبەجێکردنی بەرنامەسازی لەمیانی شیکردنەوەی ئەنجامەکانی دەرس بەراورد بە پێشبینی وپلان و شیکردنەوەی رون و پێشکەش کردنی راپۆرتی دەوری.
- پێشکەش کردنی ئامارو راپۆرتی دەوری بۆ بەشی پابەندبوون لە پرۆسەکانی دەرس.
- ئامادەکردنی راپۆرتی شیکاری بۆ پێوانە و هەڵسەنگاندنی توانا و کاریگەری پرۆسەکانی دەرس و پابەندبوون بەو سیاسەتانەی بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دایدەنێ، هەروەها لە دواییدا بەراوردکردنی هۆبەی لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی مەترسییەکان (تحلیل المخاطر) بۆ راستکردنەوەی پێوەرەکانی دەستنیشانکردن.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی پرۆگرامی کارەکانی دەرس.

٤- بەشی دەرس:

ئەم بەشە بەرپرسیارە لە پرۆسەکانی دەرس کردنی دۆسیەی گەورە باجەدران و پێشکەشکردنی هاریکاری و سەرپەرشتی لەسەر ئەرکەکانی دەرس لە نووسینگەکانی گەورە باجەدران لە پارێزگاکان.

ئەم بەشە لەم دوو هۆبەی خوارەوە پێکدێ:

أ- هۆبەی دەرس: کە ئەم ئەرك و پسپۆریەتیە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- راپەراندنی ئەوسیاسەت و ستراتیژیەت و ڕێ و شوێنانەی لە لایەن بەرێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میریەوە دادەنرێت.
- جێبەجێکردنی پلانی ساڵانەی دەرس.
- راپەڕاندنی بەرنامەی گشتی و تایبەتی دەرس.
- ئەنجامدانی دەرسی مەیدانی و نووسینگەیی کە پەیوەستە بە جۆرە جیاوازەکانی باج.

- جێبەجێکردنی سزای گونجاو بە پێی ئەو ڕێنماییە نیشتیمانیانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دایدەنێ.
- دەرکردنی خەملاندنەکانی باج (اصدار التكاليف الضريبية) و حەواڵەکردنی دۆسیە بۆ هۆبەی جیبایە.
- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری لە کێشە ئاڵۆزەکان.
- پابەند بوون بە تەواوی ئەو ڕێ و شوێنانەی دەرس کە لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میریەوە دانراوە.
- دانانی ڕاپۆرتی ئاماری ڕێك و پێك بۆ چاودێریکردن و جێبەجێکردنی بەرنامەکە.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتەکانی شیکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی چالاکی و کارایی فەرمانبەران و پابەندبوونیان بەو سیاسەتەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دایناوە.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی دەرس بە تایبەت ئەوەی پەیوەستە بە چالاکی دەرس و هەڵسەنگاندنی بەجێگەیاندن.
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پەیوەندیدار بە هەمووارکردنی ڕێساو یاساکانی باج ئەوانەی پەیوەندیان بە کەموکوری دیاریکراو هەیە.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی پرۆگرامی کارەکانی دەرس.
- پابەند بوون بەو سیاسەت و ڕێ و شوێنانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایدەنێ ئەوەی پەیوەستە بە ئاڵوگۆری دۆسیەکان یان ئاڵوگۆری زانیاری لە نێوان هۆبە و یەکە هەمەجۆرەکان یان وەزارەتەکان.
- دڵنیابوون لەوەی کە تێکرای فەرمانبەرانی هۆبە پابەندی بە ڕێساو ڕەفتارەکان و پێشخستنی بەرژەوەندی میری لەپێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکە.

ب- هۆبەی دەرسی تایبەتمەند: لەگەڵ ئەو ئەرك و پسپۆریەتیە سەرەکیانەی خوارەوە:

- ڕاپەراندنی ئەو سیاسەت و ستراتیژیەت و ڕێ و شوێنە یاساییانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانووبەرەی میری دایناوە.
- ڕاپەراندنی بەرنامەی دەرسی تایبەتمەند.
- پابەندبوون بە ڕێنمایی و ڕێ و شوێنە تایبەتییەکانی کار لە هەموو پرۆسە جیاوازەکانی دەرس وەکو باجەکانی میری و خۆدزینەوە لە باج (التجنب الضريب) و بازرگانی ئەلیکترۆنی و هەڵسەنگاندنەکان و دەرسکردنی کۆمپیوتەری.
- ئەنجامدانی دەرسی مەیدانی و نووسینگەیی پەیوەست بەدەرسی تایبەتمەند.
- جێبەجێکردنی سزای گونجاو بە پێی ئەو ڕێنماییە نیشتیمانیانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایناوە.

- پابەند بوون بە تەواوی ئەو ڕێ و شوێنە تایبەتمەندانەی دەرس کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایناوە.
- پابەندبوون بەو ڕێنماییە نیشتمانیانەی پەیوەندیدارن بە پرسەکانی نرخی حەواڵەکردن و سەپاندنی باج لەسەر کەسانی نانیشتە جێ دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی باج و ڕێگرتن لە بچووکبوونەوەی سەرچاوەکانی باج و گواستنەوەی قازانج و ئەو ڕێسا گشتیانەی پەیوەندیدارن بە قەلاچۆکردنی خۆدزینەوە لە باج.
- ئەنجامدانی لێکۆڵینەوەی تایبەت بینا لەسەر ڕێنماییەکانی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری.
- هەوڵدان بۆ گەیشتنە ئەنجام لە کێشە ئاڵۆزەکان بە پاڵپشتی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری.
- دەرکردنی خەمڵاندنەکانی باج و حەواڵەکردنی دۆسیە بۆ هۆبەی جبایە.
- دانانی ڕاپۆرتی ئاماریی ڕێك و پێك بۆ چاودێری ڕاپەڕاندنی بەرنامەکان.
- ئامادە کردنی ڕاپۆرتەکانی شیکردنەوە بۆ هەڵسەنگاندنی کارایی و چالاکی فەرمانبەران و پابەندبوونیان بەو سیاسەتانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایناوە.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی دەرس سەبارەت بەدەرسی تایبەتمەند وهەڵسەنگاندنی بەجێگەیاندن.
- پێشکەشکردنی ڕاسپاردەی پەیوەندیدار بە هەمووارکردنی ڕێساو یاساکانی باج ئەوانەی پەیوەندیان بە کەموکوری دیاریکراو هەیە.
- پێشنیاز خستنەڕوو بۆ چاککردنی پرۆگرامی کارەکانی دەرسی تایبەتمەند.
- پابەند بوون بەو سیاسەت و ڕێ و شوێنانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان وخانوبەرەی میری دایناوە ئەوەی پەیوەستە بەئاڵوگۆری دۆسیەکان یان ئاڵوگۆری زانیاری لەنێوان هۆبە و یەکە هەمەجۆرەکان یان وەزارەتەکان
- دڵنیابوون لەوەی کە تێکرای فەرمانبەرانی هۆبە پابەندن بە ڕێساو ڕەفتارەکان و پێشخستنی بەرژەوەندی میری لەپێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکە.

٥- بەشی تانەو بەڕێوەبردنی تێهەڵچوونەوەکان:

ئەم بەشە بەرپرسە لە پرۆسەکانی تانەو تێهەڵچوونەوە، ئەم بەشە لەم دوو هۆبەی خوارەوە پێکدێت:

أ- هۆبەی تانە: کە ئەم ئەرك و پسپۆریەتیە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- ڕاپەراندنی ئەو سیاسەت و ڕێنمایی و ڕێ و شوێنە یاساییانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایناوە.
- چارەسەر وشیکردنەوەی تانە لەسەر ئاستی ئیداری :
- وەرگرتنی تانە و تۆمارکردنی.

- دەستنیشانکردنی چاودێرێکی باج بۆ دەرسکردنی تانە.
- هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی پەیوەندیدار بۆ تەواوکردنی پرۆسەی دەرسکردنی تانە.
- بڕیاردان لەسەر تانە (ڕەزامەندی لەسەر تەواوی تانەکە یان بەشێکی تانەکە، یان ڕەت کردنەوەی).
- ئاگادارکردنەوەی باجدەر بە بڕیارەکە.
- دەرکردنی یاداشتی باجی ڕاستکەرەوە و حەواڵە کردنی دۆسیەکە بۆ هۆبەی جیبایە.
- ڕاوێژکردن بە بەشی کاروباری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەری میری.
- هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی دەرس سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانی دەرسکردن.
- ئامادەکردنی ئامار لە بارەی چالاکیی تانەکان.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕێك و پێك بۆ بەشی تانە و ئیدارەی تێهەڵچوونەوەکان .
- پێشنیاز کردن بۆ باشترکردنی چالاکی تانەدان.
- پابەندبوون بەو سیاسەت وڕێ وشوێنانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان وخانوبەرەی میری دایناوە ئەوەی پەیوەستە بەئالوگۆڕی دۆسیەکان وزانیارییەکان لەنێوان هۆبە وبەشە جیاوازەکان یان وەزارەتە جیاوازەکان
- دڵنیابوون لەوەی کە تێکڕای فەرمانبەرانی هۆبە پابەندن بە ڕێساو ڕەفتارەکان و پێشخستنی بەرژەوەندی میری لەپێش هەر بەرژەوەندییەکی دیکە.

ب- هۆبەی بەڕێوەبردنی تێهەڵچوونەوەکان: کە ئەم ئەرك و پسپۆڕیەتیە سەرەکیانەی خوارەوەی هەیە:

- ڕاپەراندنی ئەو سیاسەت و ڕێنمایی و ڕێ و شوێنە یاساییانەی کە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری دایناوە.
- دڵنیا بوون لەوەی دەسەڵاتی دارایی نوێنەرایەتییەکی یاسایی هەیە لە لیژنەی تێهەڵچوونەوە :
- ئاگادار بوون لە ئەرك و کاری کارگێری تایبەتی لیژنە ( وەرگرتن و تۆمارکردن و ئاگادار کردنەوە).
- نوێنەرایەتی کارگێری لە چوارچێوەی داوای یاسایی.
- ئامادەکردنی ڕاپۆرتی دەسەڵاتی دارایی بەرامبەر تێهەڵچوونەوە.
- ڕاوێژکردن بە بەشی کاروباری یاسایی لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان و خانوبەرەی میری.
- دەرکردنی یاداشتی باجی ڕاستکەرەوە و حەواڵە کردنی دۆسیەکە بۆ هۆبەی جیبایە.
- هەماهەنگی لەگەڵ هۆبەی دەرس سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی ئەنجامەکانی دەرسکردن.
- ئامادەکردنی ئامار لە بارەی چالاکیی تێهەڵچوونەوەکان.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرتی ڕێك و پێك بۆ بەشی تانە و ئیدارەی تێهەڵچوونەوەکان .
- پێشنیاز کردن بۆ باشترکردنی چالاکیی تێهەڵچوونەوەکان.
- پابەندبوون بەو سیاسەت وڕێ وشوێنانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەکان وخانوبەرەی میری دایناوە ئەوەی پەیوەستە بەئالوگۆڕی دۆسیەکان وزانیارییەکان لەنێوان هۆبە وبەشە جیاوازەکان یان وەزارەتە جیاوازەکان.

- دڵنیابوون لەوەی كە تێكرای فەرمانبەرانی هۆبە پابەندن بە رێساو رەفتارەكان و پێشخستنی بەرژەوەندی میری لەپێش هەر بەرژەوەندییەكی دیكە.

٦- بەشی كارگێڕی و خۆیەتی:

كە بەرپرسە لە پرۆسەكانی كارگێڕی كە ئەم دوو هۆبەیەی خوارەوە دەگرێتەوە:

أ- هۆبەی كاروباری دارایی: كە ئەم ئەرك و پسپۆڕیانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- ڕاپەڕاندی ئەو سیاسەت و بەرنامە و ڕێ و شوێنە داراییانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان و خانوبەرەی میری دایناوە، كە پەیوەستە بە خەرجی و موازنە.
- بەڕێوەبردنی مەوجودات لە بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران.
- ئامادەكردن و چاودێریكردنی موازەنەی بەڕێوەبەرایەتی گەورە باجەران.
- پاراستنی ئەو تۆمارە حسابییانەی پەیوەستن بە كاری بەرێوەبەرایەتی گەورە باجەران.
- رێگە دان بە پرۆسەی كڕین لە چوارچێوەی موازنەدا.
- وەرگرتنی پێداویستیەكانی بەڕێوبەرایەتی گەورە باجەران لە كەلوپەلی مەكتەبی و پەڕاوگەیی و هتد... لە هۆبەی كاروباری كارگێڕی و پێداویستی مرۆیی (الموارد البشرية) و ڕەزامەندی دەربڕین لەسەر كڕین و جێبەجێكردنی بە پێی ڕێكاری گونجاو.
- ڕێكخستنی خشتەی موچەی فەرمانبەرانی بەڕێوبەرایەتی لەگەڵ ڕێكخستنی سەر مووچە و پلە بەرزكردنەوە.
- دەركردنی ئامار و ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی كارگێری لەبارەی چالاكی داراییەوە.
- پێشنیاز كردن بۆ باشتركردنی چالاكی سەبارەت كاروباریی دارایی.

ب- هۆبەی كاروباری كارگێری و سامانی مرۆیی (الموارد البشرية): كە ئەم ئەرك و پسپۆڕیانەی خوارەوەی هەیە:

- ڕاپەڕاندی ئەو سیاسەت و بەرنامە و ڕێ و شوێنە كارگێڕیانەی بەڕێوەبەرایەتی گشتی باجەكان و خانوبەرەی میری دایناوە، كە پەیوەستە بە كارگێڕی سامانی مرۆیی و پۆستە و بەرێوەبردنی دۆسیە و بەڵگەنامە و بیناكاری (المنشات) و خزمەتگوزاری گشتی...هتد
- دڵنیابوون لە ڕەخساندنی ژینگەی كاری دروست بۆ بەڕێوبەرایەتی گەورە باجەران.
- چارەسەركردنی پۆستەی هاتوو و دەرچوو.
- بڵاوكردنەوەی زانیاریی لە هەموو فەرمانگە و هۆبەكان.
- بەرێوەبردنی ئەرشیفی كاغەزی و ئەلیكترۆنی.
- هەڵگرتنی بڵاوكراوە و نموونە و بەڵگەنامەكانی باج.
- دڵنیابوون لە چاككردنەوەی كەلوپەلەكان و پێداویستیەكانی بەڕێوبەرایەتی گەورە باجەران.
- گرەنتی لە خزمەتگوزاری ئاسایش و ئەو خزمەتگوزاریانەی پەیوەستن بە پاراستن وئاسایشی كەلوپەل و ئامێرەكانی وەكو گەیاندنی بێتەل و بەتەل وچاودێری كردنی كە ئەوانەی دێنە ئەو شوێنە و ڕێكخستن وچاككردنەوەی بینایەی و گەراجی ئوتومبێل و هتد...

- ئامادەکردنی پێداویستییەکانی گەورە باجەدران، لەوانە کەلوپەلی پەڕاوگەیی و پشکەشکردنی بە هۆبەی کاروباریی دارایی.
- دیاریکردنی ئەو پێداویستیانەی پەیوەندیدارن بە ڕاهێنان و بەهەماهەنگی لەگەڵ هۆبەکانی دیکە.
- چارەسەرکردنی کێشە و ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان فەرمانبەران.
- بەڕێوەبردنی ئامادەبوون و مۆڵەت و نەهاتنی فەرمانبەران.
- بەڕێوبردنی بەرنامەسازی (المزایا)ی تایبەت بە فەرمانبەران.
- دیاریکردنی پێداویستی پەیوەست بە تەوزیفکردن.
- پیشنیازکردنی بەرنامەسازی ڕاهێنان بە گوێرەی پسپۆڕییەکان.
- پێشکەشکردنی هاوکاری بۆ کەلوپەلی ڕاهێنان.
- بەرێوەبردنی سیستمی هەڵسەنگاندنی فەرمانبەرانی بەرێوەبەرایەتی گەورە باجەدران.
- ڕێکخستنی خشتەکانی پلە بەرزکردنەوە و سەر مووچە.
- پێشکەشکردنی ئامار و ڕاپۆرتی دەوری بۆ بەشی کارگێری لە بارەی چالاکی کارگێری و سامانی مرۆیی.
- پێشنیاز کردن بۆ باشترکردنی چالاکی کارگێری سەبارەت بە جموجوڵی تایبەت بە سامانی مرۆیی.

٧- بەشی باجە هەمەجۆرەکان:

ئەم بەشە بەرپرسە لە بەرێوەبردنی کاروبارەکانی باج ئەوانەی پەیوەستن بە باجی خانوبەرە، ئەم بەشە ئەم ئەرك و پسپۆڕیانەی خوارەوە دەگرێتەوە:

- خەملاندنی گشتی موڵکی خانوبەرە و زەویی بۆ گەورە باجەدران بەپێی یاسا.
- پەسەندکردنی گرێبەستی بەکرێدانی خانوبەرە بۆ گەروە باجەدران.
- ئەژمارکردنی باجی خانوبەرە و زەوی بۆ گەورە باجەدران.
- لێکۆڵینەوە لە مامەڵەی گەورە باجەدران پەیوەست بە باجی خانوبەرە.
- هەماهەنگی لەگەڵ لیژنەی خەملاندنی بەهای خانوبەرە و قازانجەکەی و ئەژمارکردنی باجی گواستنەوەی موڵکایەتی بۆ گەورە باجەدران.
- پێشکەشکردنی ڕاپۆرت و زانیاریی دەوری و ئەنجامەکانی لە کاروباری هۆبەکە بۆ بەشی خۆی.
- پێشنیاز کردن بۆ باشترکردنی چالاکی تایبەت بە باجی خانوبەرە بۆ گەروە باجەدران.

**سێیەم** : کار بەم پەیڕەوە دەکرێت لە ڕێکەوتی بلاوکردنەوەی لە رۆژنامەی فەرمی (وەقایعی کوردستان).

**نێچیرڤان بارزانی**
**سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران**